بسم الله الرحمن الرحيم

## زانست و ڕەوشت

ئیمامی عەلی ﷺ ئەفەرموێت :

( ليس البليّةُ فى أيامنا عجباً ** بل السلامة فيها أعجب العجب )

( لَيْسَ الجَمَال بأَثْوابٍ تُزَيِّنُنَا ** إن الجمال جمال العلم والأدب )

( ليس اليتيم الذي قد مات والده ** إنَّ اليَتيمَ يَتيمُ العِلْمِ والأَدَب )

ديوان علي بن أبي طالب – (ج ١ / ص ٢٨)

هەبوونی گرفت لەم ڕۆژگارەدا سەیر نییە... ، بەڵکو نەبوونی گرفت سەیرتین سەیرە.......... ، جوانی لەو پۆشەکەدا نییە کە دەمانڕازێنێتەوە. ، جوانی جوانی زانست و ڕەوشتە.......... ، هەتیوو ئەو کەسە نییە کە باوکی مردووە، هەتیوو هەتیووی زانست و ڕەوشتە...............،

عائیشە ( ﷺ ) ئەفەرمووێت

( كان خلقه القران )

واتە پێغەمبەر ﷺ هەموو کردەوەکانی بەتەواوی بەگوێرەی قورئان بوو

الجامع الصغير وزيادته ٨٩٤٢


پێناسەی گۆڤار :-

ڕەوشت گۆڤارێکی ڕۆشنبیری ئاینی بێ لایەنە مانگی جارێك دەردەچێت .

ستافی گۆڤار :-

کۆمەڵێك لە خوێندکارانی زانکۆ و دەرچوانی زانکۆکانی هەرێم بەڕێوەی دەبەن .

خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر : جەزا نوری صاڵح

دەستەی نوسەران :-

د.هیوا نجم الدين حيدر

د.کاوە أکرەم سەنگاوی

ی.پ.عبدالوالی عبدالرحيم علی قزلچی

م.سەنگەر صابر عبدالرحمن

بەڕێوبەری هونەری و چاپ کردن:

هێمن عبدالکريم + هاوکار قادر بایز

ساڵی دەرچوون : ١٤٣١کۆچی ـ٢٧١٠کوردی ـ٢٠١٠ زاینی

شوێنی دەرچوون :هەرێمی کوردستان .سلێمانی

تیراژ : ٢٠٠٠ دانە

نرخ : ٥٠٠ دینار

ژمارە مۆڵەتی( ٤٣٣ )ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی پێ دراوە.

# ستەمەکانی سەدەکانی جاهیلیـــــەت لە ئافـــرەت

## لە ســەدەی پێشکەوتووی بیست ویـەکدا

کورتەیەك دەربارەی چەند هەڵوێستێت..

* بۆئەوانـەی کـە بەهەڵـە لـە ئیـسلام و مـاف دانـی بەئافرەت تێگەیشتوون...

* بـۆ ئەوانــەی کــە ئەیانــەوێت بەقــسەکردن بــە ئیـسلام،لەناو کۆمـەڵگادا بناسـرێن و بـە ڕونـاکبیر دابنرێن...

* بۆئـەو کـچ وئافرەتانـەی کـە بـێ ئاگـان لەمافـەکانی خۆیـان و لەهــەمان کاتیــشدا بــێ وەفـان بەرامبــەر بەئیسلام...

* بۆ هاندان بۆشارەزابوون ودەست گرتن بەو دینەی کـە ڕێـزی زۆری لێ گرتـوون (ڕێزێـك زیـاتر لـە لـەڕێز دانانی خۆیان بۆ خۆیان )... وە بـۆ...وە بـۆ...

* پێغەمبـەرﷺ دەفـەرمووێت « لا تكرهـوا البنـات ، فإنهن المؤنسات الغاليات» سلسلة الأحاديث الصحيحة ٣٢٠٦.واتـە ناحـەز و بێـزار مـەبن لـە کـچان ، چـونکە کچان دڵخۆشکەر وسەنگێن و بەنرخ و بەهان.

* **بێ باوەڕان و هەڵوێستیان بەرامبەر بە کچ .**

پەروەردگار ئەفەرمووێت ﴿ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ (٥٨) يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِنْ سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ (٥٩) ﴾سورة النحل. واتە کاتێك کە مژدەی لەدایك بوونی کچ بدرایە بە یـەکێك لـە بـێ بـاوەڕان ئـەوا ڕووی ڕەش هەڵدەگـەڕا ( لـە غـەمباری و شــەرمەزاریدا ) وە ڕق و قینــی خــۆی دەخواردەوە بەرامبەر بە ژنەکەی ، وە خۆی لە خەڵکی ئەشاردەوە لە خراپی ئەو مژدەیەی کە پێی درابوو ، ئینجـا بـیری دەکـردەوە کـە ئایـا بەشـەرمەزاری و سەرشۆڕی کچەکە ( منداڵەکە ) بهێڵێتەوە یان زیندە بەچاڵی بکات لە خاکدا !! بەڕاستی ئەمەش خراپترین هەڵوێست و بڕیارە کەئەوان هەیان بوو.

لەناو کوردەواریشدا ئەم پێ ناخۆش بوونە هەبووە و بەداخەوە ئێستاش هەیە لێرەدا قانعی شاعیر ئەڵێت :

کچی بەستەزمان دەوری ژیانی
سیــنەمایەکە ئەگــەر بــزانی
کە لەدایك بوو ئاهەنگی نـی یە
ئەڵێن : ئای کچە ! فائیـدەی چـی یە ؟
پێ پیرۆزانەی کەس بۆ ناهێنێ
هیچ کەس بەچاکە هەرگیــز نایدوێنێ
پڕو پیـرەژن دەور دایکی ئەدەن
هەریەك بە جۆرێ دڵــخۆشی ئـەکــەن
خـەم مەخۆ خوا لەسەر کەرەم بێ
کــوڕیشــت ئەبێ خاتــرت جــەم بــێ

*سەرهەڵدانەوەی کوشتنی کچان بە شێوازێکی نوێ .

کوشتنی کچان لەم سەردەمەدا چەند جۆرێکی هەیە..

١ــ کوشتنی ڕاستەوخۆ دوای لەدایك بوون بۆنمونە لەوڵاتی صین ئەمە بەرێژەیەکی زۆر بوونی هەیە....

٢ــ لـەباربردنی منـداڵی کـچ دوای ئـەوەی کـە زانـرا منداڵەکە کچە بەهۆی سۆنارەوە...

٣ــ بەشـوو نـەدانی کـچان بـەپێی ویـست و بڕیـاری خۆیان جۆرێکی تری کوشتنی کچانە، وەهەروەها:

أ ـــ بەشــوودانی زۆرە ملــێ .ئیمـامی بوخـاری رحمه الله ئەفەرمووێت « لايجوز نكاح المكره ».فتح الباری شرح صحيح البخاري ١٢/٣٩٨. واتە ( **نابێت و دروست نـی یـە ئافرەت بە زۆر مارە بکرێت و بدرێت بەشوو** )..تـەنها دوو فەرمووده ئەهێنینەوە .خەنسائی کچی خذام (رضي الله عنها) باوکی دای بەشـوو کاتێك کە بێوەژن بـوو ، ئـەویش ئەمەی پێ ناخۆش بوو ، وهات بۆ لای پێغەمبەرﷺ ،

پێغەمبــەریش ﷺ مارەکردنەکـــەی ڕەد کـــردەوە و هەڵیوەشـــــاندەوە) صـــــحیح البخــــــاری ٥١٣٨...لەفەرموودەیـەکی تـردا «...ولا تـنكح البكـر حتى تستأذن ......». البخاری٥١٣٦،مسلم ١٤١٩. (...وە کچیش نابێت بەشوو بدرێت و مارەیی نایـەت تاوەکو ئیـزن و بۆچوونی وەرنـەگیرێت..).بـەزۆر بەشـوودانە زۆر جـــار وادەکـــات ئافرەتـــان پەنابەرنەبـــەر خۆسووتاندن....

ب ــ گـەورە و بـچوك = بەشـوودانی پـێش پێگەشتن ،پێغەمبـەر ﷺ ئەفـەرمووێت(...ئـەوا دوای پێگەشـتنی پـرس و ڕای پێـدەكرێت جائەگـەر ڕازی بـوو ئـەوا دروسـتە وەئەگـەر ڕازی نـەبوو ئـەوا نابێـت زۆری لێ بكرێت ).صحیح سنن الترمذی ١١٠٩.

ج ــ بەشـوونەدانی کـچان لەلایـەن هەنـدێك بـاوك و بەرپرسیانەوە، وە هێشتنەوەیان....ئەمەش زوڵمێکی هـەرە گەورەیـە...پێغەمبـەر ﷺ ئەفـەرمووێت ( کەسێك کـە لـە دیـن و ئـەخلاق ورەوشـتی ڕازی بـوون دەبێـت پێـی بـدرێت وەئەگـەر ئەمـەیان نـەکرد ئـەوا لەسـەر زەویـدا فیتنـەو فەسـادێکی زۆر بلاوەبێـەوە ) صـحیح سنن الترمذی ١٠٨٤.

د ــ بەشـوودانی ژن بــە ژن ...ژن بـە ژن لەئیـسلامدا دروسـت نـی یـە وڕێگـە پێنـەدراوە.. پێغەمبـەر ﷺ ئەفەرمووێت «لا شغار فی الاسلام ».صحیح الترمذی والنسائی. واتە ژن بە ژن نی یە لە ئیسلامدا و دروست نـی یـە... لەفەرموودەیـەکی تـردا « أبـو هریـرە رضي الله عنه فـــەرمووی پێغەمبـــەری خـــوا ﷺ ژن بـــەژنی قەدەرغەکردووە....».البخاری ٥١١٢ومسلم١٠٣٤.

* **ژیان لەگـەڵ کـچاندا لەئیـسلامدا**.. تـەنها یـەك فــــەرموودە ئەهێنینــــــەوە لــــە هــــــەزاران فەرموودەدا...پێغەمبەر ﷺ ئەفەرمووێت «من كان لـه ثلاث بنات أو ثلاث أخوات أو ابنتان أو أختان فأحسن صحبتهن و اتقی الله فیهن فله الجنة ، وفی روایة فأدبهن وأحسن إلیهن و زوجهن ،فله الجنة ».الصحیح الترغیب والترهیب١٩٧٣. واتە هیچ کەسێك نـی یـە کـە سـێ کچ یـان سـێ خوشکی هـەبێت یـان دوو کچ یـان دوو خوشـکی هـەبێت وە بەچـاکی لەگـەڵیان بـژێت و هاوەڵێتیـان بکـات ولەئاسـتیاندا لـەخوا بترسـێت ومافـەکانیان پێـشێل نـەکات ئـەوا بەهەشـت بـۆ ئـەو کەسـەیە . لەگێڕانەوەیـەکی تـردا ڕەوشـتیان فێربکـات وپەروەردەی باشیان بکات وچاکەیان لەگەڵدا بکـات و بیاندات بەشوو ئەوا بەهەشت بۆ ئەو کەسەیە.

*لەکۆتایـدا ئـەڵێین مرۆڤـی ژێـری تێگەشـتووی موسڵمان دەڵێت خوودی مێینەیەتی یان نێرینەیەتی نابێتـە جێـی عـەیب وکـەمی ، وەناشبێتە جێـی فـەخر وشانازی .شاعیر ئەڵێت :

**ولو كان النساء كمن ذكرنا**

**لفضلت النساء على الرجال**

**فلا التأنيث لاسم الشمس عیب**

**ولا التذكير فخر للهلال**

الزواجر عن اقتراف الكبائر – (ج ٣ / ص ٣٤٢)

ئەگەر ئافرەتان بەو شێوازە ئەبوون کە باسمان کردن ،

ئەوا ئافرەتان لە پیاوان باشتر دادەنران

جا نە مێینەیەتی عەیب و کەمی یە بۆ خۆر

نە نێرینێتیش شانازی وفەخرە بۆ مانگ

سەرنوسەر

# هەنـــدێك لەو كـــــردارانـەی كـە خاوەنـەكەی دەبــاتە بەهەشـــت

١ــ هەركەسێك بمرێت و هیچ شەریك و هاوبەشییەكی بۆ خوای گەورە بڕیارنەدابێت :
پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمووێت : « ئەوە جبریل بوو ( علیه السلام ) لەلایەن خوای گەورەوە هات بۆلام ، هەواڵ و مژدەی ئەوەی پێدام كە هەركەسێك لەم ئومەتەی من بمرێت وبەهیچ شێوەیەك شەریك و هاوبەشی بۆخوا بڕیار نەدابێت ئەوا ئەچێتە بەهەشتەوە ، منیش ووتم : ئەگەر زیناشی كردبێت ،وە دزیشی كردبێت ، ئەویش ووتی بەڵێ ئەگەر زیناشی كردبێت و دزیشی كردبێت ». صحیح البخاری٥٧٩٧.

٢ــ ڕازی بوون بەوەی كە الله پەروەردگارت بێت ، وە ئیسلام دین و بەرنامەت بێت ، وە محمد ﷺ پێغەمبەرت بێت :
پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمووێت : « هەركەسێك ڕازی بێت كە الله پەروەردگاری بێت و ئیسلام دین و بەرنامەی بێت ، وە محمد ﷺ پێغەمبەری بێت ، ئەوا ئەو كەسە چوونە بەهەشت بۆی واجب دەبێت ». صحیح مسلم ٣٤٩٦.

٣ــ پارێزگاری كردن لەنوێژە سوننەتەكان :
پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمووێت : هەركەسێك بەردەوام بێت لەئەنجام دانی ١٢ ڕكات نوێژی سوننەت لەهەموو شەو و ڕۆژێكدا ئەوا ئەچێتە بەهەشتەوە ، ٤ ڕكات پێش نوێژی نیوەڕۆ ، ٢ ڕكات دوای نوێژی نیوەڕۆ ، ٢ ڕكات دوای نوێژی مەغریب ، ٢ ڕكات دوای نوێژی عیشا ( خەوتنان ) ، ٢ ڕكات پێش نوێژی بەیانی ). صحیح الترغیب والترهیب ( ٥٧٩ ).

٤ـ وتنی ئەم زیكرانە ( سبحان الله ) ، ( الحمدلله ) ، ( الله اكبر ) لە دوای نوێژە فەرزەكان و پێش نوستن :
پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمویێت : « دوو كردار هەیە هیچ موسڵمانێك پارێزگاریان لێ ناكات ئیلا دەچێتە بەهەشتەوە ، وەئەو دوانەش ئاسانن ، وە ئەوانەش كە ئەنجامیان ئەدەن كەمن ، ئەویش ئەوەیە ، كە لەدوای هەموو نوێژێك ١٠ جار ( سبحان الله ) و ١٠جار ( الحمدلله ) و١٠جار ( الله اكبر ) بكات ، كە هەمووی دەكاتە ١٥٠ بە زمان ،وە دەكاتە ١٥٠٠ لە تەرازووی چاكەكانیدا، وە دووەمیش ٣٤جار ( الله اكبر ) بكات كە چووە سەر جێگاكەی بۆ نوستن ، وە ٣٣جار ( الحمدلله) و ٣٣جار ( سبحان الله ) ئەوا هەمووی دەكاتە ١٠٠جار بەزمان ، وە ١٠٠٠ لە تەرازووی كردەوە چاكەكانی ، جا كێ لە ئێوە هەیە لە شەوو ڕۆژێكدا ١٥٠٠ گوناه وتاوان بكات ؟
وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن ئەو دوو شتە كارێكی سوكن و كەم كەس كاریان پێ دەكات ؟
پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : شەیتان دێتە لای یەكێكتان لەكاتی نوستندا و دەی خەوێنێت پێش ئەوەی ئەو زیكرانە بڵێت ، وە لەكاتی نوێژیشدا دێتە لای یەكێكتان و پێویستیەكی دێنێتەوە بیر پێش ئەوەی زیكرەكەی بكات ».صحیح الترغیب والترهیب (٦٠٦).

شفان جلال . ك. كارگێڕی و ئابووری

# وریای ئەم پێنج دۆستە نزیكە بە

پێغەمبەرەی خوا (ﷺ) لەدوعاكانی دا ئەیفەرموو :
( اللهم إني أعوذبك من جار السوء ، ومن زوج تشيبني قبل المشيب ، ومن ولد يكون علي ربا ،وفي

رواية وبالا ، ومن مال يكون علي عذابا ، ومن خليل ماكر عينه تراني وقلبه يرعاني ،إن رأى حسنة دفنها ، وإذا رأى سيئة أذاعها ) الطبراني، ٣/٤٥٥.سلسلة الأحاديث الصحيحة ٣١٣٧. واتە خوایە گیان من پەنات پێ ئەگرم : لە **دراوسێی خراپ** ، لە **هاوسەرێك (خێزانێك)** كە پیرم بكات پێش ئەوەی تەمەنی پیرێتیم بێت ، لە **منداڵێك** كە ببێتە گەورە و بەڵا بەسەرمەوە ، **لەماڵێك** ببێتە عەزاب و سزا لەسەرم ، وە **لە دۆست و هاوڕێ یەكی فێڵباز** كە پاك و ڕاستم لەگەڵی و ئەویش ناپاك و نادڵسۆزە لەگەڵم ،تەنها بەچاو دەم بینێت و بە دڵ چاودێری كارەكانم دەكات ولێم لەكەمیندایە ، ئەگەر چاكەیەكم لێ ببینێت دەفنی دەكات و دەیشارێتەوە وەكاتێك خراپەیەكم لێ ئەبینێت یەك یەك لەسەرم دەیاننوسێت وكۆیان دەكاتەوە و دواتر بڵاویان دەكاتەوە.

ساكاركەریم ك.ز.مرۆڤایەتییەكان جوگرافیا

## پلە و پایەی ڕەوشت ( الاخلاق ) لە ئیسلامدا

پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێت : « نێردراوم لەلایەن خوای گەورەوە بۆئەوەی كردەوە جوان و چاكەكان تەواوتر و كامڵتر بكەم ». صحيح الأدب المفرد ٢٠٧.

*** كێ باشترین كەسە ؟ :**

إبن عمر (رضي الله عنه) ئەفەرموێت : پرسیاركرا لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) :كێ لەهەموو خەڵكی باشترین و چاكترین كەسە ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : « احسنكم اخلاقا ».واتە ئەوەیان كە ڕەوشتی لەهەموویان جوانتر بێت . پێغەمبەر (ﷺ) نەیفەرموو ئەوەیان كە زانست و نوێژ و ڕۆژ و پەرستشی لەهەموویان زیاترە.

*** كێ خۆشەویترین كەسە لەلای خوا ؟ :**

پرسیار كرا لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) « من احب الناس الى الله ». كێ خۆشەویسترین كەسە لەلای خوای گەورە ؟ فەرمووی : « ئەوەیان كە ڕەوشتی لەهەموو كەس جوانترە . كەواتە ئەگەر بتەوێت لەلای خوا خۆشەویسترین كەس بیت ئەوا ڕەوشتی خۆت جوان بكە ». السلسلة الصحيحة ٩٠٦ .

*** چی كردەوەیەك قورسترین كردەوەیە لەقیامەتدا ؟ :**

لەدوای بیروباوەڕی پاك و یەكتاپەرستی خوا ،قورسترین چاكە و كردەوە لە تەرازووی قیامەتدا ڕەوشت جوانی یە، پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێت : «».هیچ شتێك نی یە قورستر بێت لەتەرازووی كردەوەكانی مرۆڤدا لە ڕۆژی قیامەتدا لە ڕەوشت جوانی . الترمذی ٢٠٠٢ وقال حسن صحيح.

*** كێ موسڵمانترین كەسی ناو موسڵمانانە ؟ :**

پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێت : « موسڵمانترین كەسێك ئەو كەسەیە كە ڕەوشتی لەهەموویان جوانترە ». صحيح الترغيب والترهيب ٢٦٥٣.

*** كێ ئیمانەكەی تەواوترینە ؟ :**

پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێت : « كەسێك لەهەموو ئیمانداران ئیمانەكەی تەواوتر بێت ئەو كەسەیە كە ڕەشتی لە هەموویان جوانترە ». السلسلة الصحيحة٧٥١.

*** ماڵێك لەبەرزترین شوێنی بەهەشت :**

پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێت : « من دەبم بە كەفیل و زەمانی ماڵێك لەبەرزترین شوێنی بەهەشتدا بۆ كەسێك كە ڕەوشتی خۆی جوان دەكات ».رواه أبو داود٢٨٨.

*** كەسی ڕەوشت جوان وەك ئەو كەسە وایە كە شەو شەونوێژ دەكات و ڕۆژیش بەڕۆژوو دەبێت :**

پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمووێت : « مرۆڤی بڕوادار بەهۆی ڕەوشتە جوانەکەیەوە دەگاتە پلەی ئەو کەسەی کە بەڕۆژ بەڕۆژووە و بەشەویش شەونوێژ دەکات ». أبو داود ( ٤٧٩٨ ) .

*** ڕەوشت جوانی وله خواترسان گەورەترین هۆکارن بۆ چوونە بەهەشت :**

پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) : چی شتێك زۆرترینی خەڵکی بەهۆیەوە ئەچنە بەهەشت ؟ فەرمووی : « لەخواترسان و ڕەوشت جوانی زۆرترین هۆکارێکن کە بەهۆیانە مرۆڤەکان دەچنە بەهەشتەوە ». الأدب المفرد ٢٩٤. وحسنه الامام الألباني رحمه الله .

*** خۆشەویسترین و نزیکترین کەس لەلای پێغەمبەری خوا ( ج )..؟ :**

پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمووێت : « خۆشەویسترین ، وە نزیکترین کەستان لە کۆڕی منەوە لە قیامەتدا ئەوەتانە کە ڕەوشتی لەهەمووتان جوانترە ». الجامع الصغیر وزیادته٣٩٦٤.

بینەر حمید .ك.پزیشکی ڤێتێرنەری

## هۆکارەکەی لادانە لە ئیسلامی ڕاستەقینە کە موسڵمانان زەلیل و لاوازن ( هۆکار و چارەسەر)

ئیسلام ئەو ئاینەی کە هەر خێر و خۆشی و ئاشتی بۆ هەموو خەڵکی دەوێت ، پەروەردگار ئەفەرمووێت{وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ} ﴿الأنبیاء:١٠٧﴾ ، ئاینێك کە دروستکەری هەموو دروست کراوەکان داینـاوە وڕازیە کە بەرنامەی ژیانی هەموو مرۆڤەکان بێت ، بۆ هەموو کاتێك بۆ هەموو شوێنێك ، ئاینێك ئەو کەسەی بەڕاستی دەستی پێوە بگرێت سەرفرازو سەربەرزی دونیا و دوارۆژ دەبێت..

**هۆکاری لادان** : بەڵام کاتێك لادان لەو ئیسلامە پیرۆزە ڕوودەدات ئەو کات هەموو خێر و خۆشی و ئاشتی و سەرفرازییەك وون دەبێت و زەلیلی و دۆڕان و سەرکزی یەخەی شوێنکەوتە ناڕاستەکانی ئەو ئیسلامە ڕاست و دروستە دەگرێت و لەگەردن و دڵ و دەرونیان دەئاڵێت.

لە ڕاستیدا دوو هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ خزان ولادانی موسڵمانان، کە بریتین لە شوبوهات"گومان دروست کردن" وە شەهەوات" ئارەزوو تێرکردن"،

**سەرئەنجام وبەرهەمی ئەم لادانە** : ئەو بەرهەمە نەویستراوەیە کە هەموو ڕۆژێك لەگەڵی دا دەژین ( زەلیلی و لاوازی ) ،لێرەدا شاعیر دەڵێت:

إني تذكرت والذكرى مؤرقة ........ مجدا
تلدا بأيدينا أضعناه
أنى اتجهت إلى الإسلام في بلد.......تجده
كالطير مقصوصا جناحاه
كم صرفتنا يد كنا نصرفها...........وبات
يملكنا شعب ملكناه

کەوابوو ئەمڕۆ کەسانێك بە سەرماندا زاڵن کە تا دوێنێ ئێمە بەسەریاندا خاوەن دەسەڵات بووین.

**هۆکارەکانی ئەم زەلیلی و لاوازییە:**

وەك وتمان لادانە لە شوێنکەوتنی ڕاستەقینەی ئاینی ئیسلام و پشت کردنە لە بەرنامەکەی خوای گەورە....ئەویش بەهۆی ئەم هۆکارانەوە....:

**یەکەم: پشت کردن لە قورئانەکەی خوا و سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەرەکەی ﷺ**

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: "دوای خۆم دوو شتم بۆ بەجێهێشتوون ئەگەر دەستی پێوە بگرن

ئـەوا هـەرگیز گـومڕا نـابن، کـە بـریتین لـە قورئانەکەی خوا و سوننەتەکەی من" المستدرك على الصحيحين للحاكم (١ / ١٧٢).

**دووەم: دوورکەوتنەوە لە کەش و هەوایەکی ئیمـانی ( شوێنی چاك و کەسی چاك ).**

دوورکەوتنەوە لە موسڵمانانی شارەزا و هاورێی چاك ،وە شوێنی چاك ئەمەش بەهۆی سەرقاڵی بە دونیاوە بێت یان بە هۆی سەفەرکردنەوە بێت، وا دەکـات ئـەو مرۆڤـە زیـاتر تووشـی تـاوان و لاوازی ئیمان بێت و زیاتر لابدات.

هەر بۆیە هاورێی چاك یارمەتیدەرە لەم خاڵەدا، وە پـارێزە لـە گـومڕایی، وەك پێغەمبـەری خوا ﷺ دەفـەرموێت: "مـرۆڤ لەسـەر دینی هاوڕێکەیـەتی، بۆیـە پێویـستە هەریەکـەتان سـەیر بکات تـاوەکو بزانێت کێ هاوڕێیەتی". أبو داود ، والترمذي.

**سێهەم: سەرقـاڵبوون بە دونیاوە**

کە خـەڵکی بـەهۆی خۆشەویستی و سـەرقاڵبوون بە دونیاوە ئاگای لە دینەکەی و دوا ڕۆژی خۆی نەماوە، بۆیە زۆر کەس دینی خۆی فرۆشتووە بۆ دونیـا، پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفـەرموێت: (تعس عبد الدينار ، وعبد الدرهم ) البخاري ٢٧٣٠

واتا : "لەناوبچێت بەندەی دینار و دەرهەم"

**چوارەم: دوورکەوتنـەوەی خـەڵکی لـە زانایـان، وە مردنی زانایان.**

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: "خـوای گـەورە زانست هەڵناگرێتـەوە لـە دڵـی خەڵکیـدا، بـەڵکو هـەڵی دەگرێتـەوە بە مردنـی زانایـان ، بۆیـە ئـەو کاتـە زانست نامێنێت و خەڵکی کەسی نەزان دەکەن بە پێشەوای خۆیان، وە خەڵکی پرسیاریان لێدەکەن و ئـەوانیش بە بـێ زانست فـەتوایان بـۆ دەدەن ، ئەو کاتە خۆیان و خەڵکی گومڕا دەکەن".

بۆیـە وتـراوە : (إذا انفـصل العلمـاء عـن النـاس، حـل بالأمـة الهـوان). واتـا :"ئەگـەر زانایـان لـە خـەڵکی دوورخرانـەوە، ئـەوە ئوممـەت تووشـی زەلیلـی و گومڕایی دەبێت".

**پێنجـەم : شـوێن کـەوتنی ڕێبـازو ڕێـچکەی کەسـانی ناموسـڵمان و شـوێن نەکـەوتنی ڕێگـا وڕێبازی ڕەسەنی ئیسلام .**

پێغەمبـەر ﷺ ئەفـەرمووێت « شـوێن ڕێـچکە و ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان ئەکەون بست بەبست وە زراع بـەزراع ، تەنانـەت ئەگـەر ئـەوان بـچنە کونـە (ضب)وە ( کە گیاندارێکی خشۆکی بچوکە وەك بزن مژە ) ئەوا ئێوەی موسڵمان شوێنیان دەکەون ، وتمان ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ مەبەسـتت جولەکـە و گاورەکانـە ؟ فـەرمووی جا ئـەوان نـەبێت ئـەبێت کـێ بێت ».البخاري ٦٧٧٥. مسلم٤٨٢٢.

وە ئیمـامی عومـەری کـوڕی خطـاب رضي الله عنه ئەفەرمووێت « ئێمە میللـەتێك بووین خوای گەورە بـە ئیـسلام عیـزەت و پایـەداری کـردین ، جا ئەگـەر عیزەت و پایـەداریمان لـە جگـە لـە ئیـسلامەوە بوێـت ئەوا خوای گەورە زەلیل و سـەرکز و لاوازمان دەکات » تفسير ابن كثير – (ج ٤ / ص ٤٠)

چارەسەر :

بـەجێ هێنـانی ئـەو مەرجـەی ( شـەرطـە ی) کـە خـوای گـەورە بـۆ موسـڵمانانی کـە دەفـەرمووێت: {إِنْ تَنْصُرُوا اللَّهَ يَنْصُرْكُمْ } ﴿محمد: ٧﴾.ئەگـەر دینەکـەی خـوا لـە خۆتانـدا سەربخەن ئەوا خوای گەورەش ئێوە سەردەخات.

وە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفـەرمووێت: "ئەگـەر کـڕین و فرۆشـتنتان بـە شـێوەی عینـە بـوو، وە کلکی مانگا و مەڕو ماڵاتان گرت و ڕازی بوون بە کشتووکاڵ (واتا هەم وغەمتان ماڵی دونیا بوو) و

وازتان لە جیهاد هێنا ( واتا وازتان لەدینەکەتان و گەورەترین بەشی دینەکەتان هێنا کە غەزایە لەپێناوی خوا) ئەوا خوای گەورە زەلیلی و لاوازیتان تووش دەکات، بەشێوەیەك كە لێ ی رزگار نابن تا نەگەڕێنەوە سەر دینەکەتان ". أبو داود ٣٤٦٢.

د.هیوا نجم الدین حیدر

## ڕەحمەتی خوا لە ئیمامی مالیك بێت کە دەفەرموێت

" من ابتدع في الإسلام بدعة يراها حسنة فقد زعم أن محمدا خان الرسالة، لأن الله يقول: {الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ} فما لم يكن يومئذ دينا فلا يكون اليوم دينا ". كتاب الاعتصام للشاطبي – (ج ١ / ص ٢٩)...

هەرکەسێك داهێنراوێك (بیدعەیەك) داهێنێت لەدیندا ،وە لەلای خۆیەوە بەچاکی بزانێت ،ئەوا بەدڵنیاییەوە وا گومانی بردووە کە پێغەمبەر محمد ﷺ خیانەتی لە پەیامەکەی خوا کردووە ، چونکە خوای گەورە ئەفەرموویت ( ئەمڕۆ من دینەکەتانم بۆ تەواو و کامل کرد)، جا ئەوەی ئەو ڕۆژە ( ڕۆژگاری پێغەمبەری خوا ﷺ ) دین نەبووبێت ئەوا ئەمڕۆش نابێت بەدین...

توانا ناجح حسن.ك.ئەندازیاری کیمیاوی

أحمد صاڤ نجفی شاعیر ئەڵێت:

یعترض العقل علی خالقٍ

من بعض مخلوقاته العقلُ

عەقڵ ڕەخنە لەخوایەك دەگرێت

کە عەقڵ یەکێکە لەدروست کراوەکانی ئەو

## لێکدانەوەی هەندێك لە ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:﴿ وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ فَادْعُوهُ بِهَا ﴾الأعراف: ١٨٠ واتە: هەرچی ناوی جوان و تەواو هەیە خوای گەورە خاوەنیەتی , ئێوەش ئەی باوەڕداران داوا لەخوای گەورە بکەن و بپاڕێنەوە لێی بەو ناو و سیفاتە جوانانە .

وە پێغەمبەر( ﷺ ) دەفەرموێت: ﴿خوای گەورە نەوەد و نۆ ناوی هەیە, هەرکەسێك بیژمێرێت ئەچێتە بەهەشتەوە﴾, صحیح البخاری ٢٥٣١. وە پێویستە ئەوە بزانین کە خوای گەورە ناوو سیفاتی زۆرە زیاد لەوەی کە لەم فەرمودەیەدا باس کراوە, وە ئەهلی سونەو جەماعە باوەڕیان وایە کە خوای گەورە ناوو سیفاتی زۆرەو ئیمانیان بە حەقیقەتەکەی هەیەو بەبێ ئەوەی کە دەستکاری لەفزی یان واتاکەی بکەن, وە پێیان وایە کە ئەو ناو وسیفاتانە لەو پەڕی تەواوی و بەرزی و جوانی دان و لایەق وشایستەی خوادن و وەپەروەردگار ناچوێت بە هیچ کام لە دروستکراوەکان هەروەك دەفەرموێت: ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ ۖ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ ﴾ الشوری: ١١. کەواتە نایچوێنن بەهیچ شتێك لە دروستکراوەکان ، وە ناشڵێن ئەو ناو و سیفاتانە تێگەیشتنیان ئەستەمەو ماناکەیان ڕوون نیە و نابێت باسی بکەین ، کە زۆرێك لە تاقم و گروپی بەناو ئیسلامی بە درێژای مێژووی ئیسلام دژایەتی ئەهلی سوننەیان کردوە لەسەر ئەم بیرو باوەڕە پاکەیان لەوانەش (الجهمیة ، المعتزلة ، الرافضة ، الأشعریة ، الماتریدیة ، الکلابیة والمفوضة) وە زۆری تریش...

وە گومڕای ئەو تاقمانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یان

دەستکاری ماناکەیان کردووە یان لەفزەکەی, وە لێکدانەوەیان بۆ ئەو ناو و سیفەتانە بەپێی عەقڵی خۆیان بووە هەر بۆیە کەوتنە لێکدانەوەی نابەجێ و گۆڕینی واتاکانی و نەفی کردنی حەقیقەتەکەی .

ئیمام مالیك (رحمه الله) دەربارەی یەکێك لە سیفەتەکانی خوای گەورە کە بەرزی خوایە لەسەروو عەرشەوە دەفەرموێت: ﴿بوونی خوا لەسەروو عەرشەوە شتێکی ئاشکراو زانراوە وە ماناکەی ڕوونە, بەلاّم چۆنیەتی ئەو سیفەتە نەزانراوە و تەنها خوا خۆی دەیزانێ,,وە باوەڕهێنان پێی واجبە, وە پرسیار کردن دەربارەی چۆنیەتەکەی بیدعەیەو کارێکە پێشینی چاك نەیان کردوە﴾ شرح العقيدة الطحاوية – صالح الفوزان – (ص ٢٠٢)

،وە پێویستە ئەوە بزانین کە هەموو ناو و سیفەتەکانی تریش بەهەمان شێوەیە.

بە یارمەتی الله باسی هەندێك لەو ناو و سیفاتانە دەکەین:

١. ﴿الرب﴾: واتە : پەروەردگار, کە هەموو بەندەکانی پەروەردە کردووە ئەویش بە هەڵسوڕاندنی کارو باریان وە بەخشینی ئەو هەموو نیعمەتانە پێیان وە خاوەنی هەموویانەو ڕۆزیشیان هەر لەلایەن ئەوەوەیە.

٢. ﴿الله﴾: واتە پەرستراو, کە شایەنی پەرستن و عیبادەت بۆ کردنە لەلایەن هەمو دروستکراوەکانی, چونکە خاوەنی هەموو سیفاتێکی بەرزو تەواوە کە وای کردوە تەنها پەرستراوی بەحەق بێت.

٣. ﴿الواحد الأحد﴾: واتە ئەو خوایەی کە تەنهایە لە هەموو تەواوییەکدا, هیچ کەسێك هاوەڵ و شەریکی نیە, پەرستراوی بەتەنهایە و پێویستە لەسەر بەندەکان کە بەتەنها بیناسن و بیپەرستن و بەدڵ و زمان و کردەوە ئەمە بسەلمێنن, وەدان بنێنن بەوەی کە لەهەموو ڕویەکەوە تەواوەو هەرچی پەرستش هەیە تەنها بۆ ئەو ئەنجامی بدەن.

٤. ﴿الصمد﴾: واتە ئەو خوایەی کە هەموو بونەوەر نیاز وپێویستیان بەوە, لەهەموو کارەکانیان وە لەهەموو بارودۆخێك,وە ئەو نیاز و پێوستی بەهیچ کەسێك نی یە، چونکە ئەو خوایە خاوەنی هەمو سیفەت و ناو و کارێکی جوان و تەواوە.

درێژەی هەیە......

ی.د.:عبدالوالی عبدالرحیم علی قزلّجی



## قورئانی پیرۆز



<u>پێناسەی قورئان</u> :: بریتیە لە ووتەی خوای بەتوانا ، کە دایبەزاندووە بۆسەر پێغەمبەر ﷺ بە جیبریلدا سەلامی خوای لێ بێت ، خوێندنەوەی پەرستشە بەکەمترین بەشی ، بەتەواتوری بۆمان گوازراوەتەوە ن بەسورەتی الفاتحة دەست پێ دەکات و بەسورەتی الناس کۆتایی پێ دێت ، نووسراوەتەوە لەدوو توێی دوو بەرگدا. ... <u>ناوەکانی</u> :

١ـ القرآن : بەواتای خوێندنەوە ،خوای گەورە ئەفەرمووێت { إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ} القيامة ١٧.

٢ـ الكتاب : خوای گەورە ئەفەرمووێت {ذَلِكَ الْكِتَابُ لا رَيْبَ فِيهِ هُدىً لِلْمُتَّقِينَ} البقرة:٢.

٣ـ الحكيم : خوای گەورە ئەفەرمووێت {الر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْحَكِيمِ} يونس ١.

٤ـ النور : خوای گەورە ئەفەرمووێت {يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمْ بُرْهَانٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكُمْ نُوراً مُبِيناً} النساء ١٧٤

٥ـ الفرقان : خوای گەورە ئەفەرمووێت {تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيراً} الفرقان ١

٦ـ الروح : خوای گەورە ئەفەرمووێت {وَكَذَلِكَ

أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا مَا كُنتَ تَدْرِى مَا الْكِتَابُ وَلَا الايمَانُ وَلَـاكِن جَعَلْنَاهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِى إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ} الشورى ٥٢.

وەچەندان ناوی تریش کە هەموویان بەڵگەن لەسەر ناوەڕۆکی جوانی ئەو پەرتووکە پیرۆزە ،کەئەگەر هەموویان باس بکرێت دەگاتە نزیکەی ٥٥ ناو لەوانە « الذکر ، الشفاء ، الهدی ، التبیان .......».

ژمارەی سورەتەکانی : سورەتەکانی قورئانی پیرۆز ١١٤ سورەتە ، کەدابەش بوو بەسەر ئایەتەکانی مەککی ومەدەنی ، کەدرێژترینیان﴿البقرة ﴾یە ، وەکورترینیان ﴿ الکوثر ﴾ ، وەدرێژترین ئایەتیش لەقورئاندا ئایەتی ﴿٢٨٢﴾ە لەسورەتی البقرە ، گەورەترین سورەتیش سورەتی ﴿الفاتحە ﴾ یە ، گەورەترین ئایەتیش ئایەتی ﴿الکرسی ﴾ یە ،ژمارەی ئایەتەکانی ٦٢٣٦ئایەتە بەگوێرەی ژماردنی کوفیەکان و ژمارەی پیتەکانیشی ٣٢١١٨١ پیتە ، کراوە بە ٣٠ جوزو و ٦٠حیزبەوە ، لەو ﴿١١٤﴾ ە سورەتە ١٩ سورەتیان بە پیتی پچڕپچڕ دەستی پێکردووە کە بەسورەتی ﴿البقرە﴾ دەست پێدەکات و بەسورەتی ﴿القلم ﴾ کۆتایی دێت ،کە هەیانە یەك پیتیە وەکو سورەتەکانی ﴿ق ، ص ، ن ﴾ وەهەیانە دوو پیتیە وەکو ﴿ گە ، یس ، حم ﴾ وەهەیانە سێ پیتیە وەکو ﴿ الم ، الر ﴾ وەهەیانە چوارپیتە وەکو ﴿المر ﴾ وەهەیانە پێنج پیتە وەکو ﴿ کهیعص ﴾ . لەماوەی ٢٣ ساڵدا دابەزیوە .

ئەو زانستانەی پەیوەستە بە قورئانەوە و موسڵمانی فێرخواز پێویستە فێریان ببێت :

﴿ التجوید ، القراءات ، التفسیر ، علوم القرآن ﴾ کە هەریەکەیان بۆ مەبەستێکی دیاری کراوە بۆ نمونە زانستی التجوید گرنگی بە جوان ﴿ ڕاست ﴾ خوێندنەوەی قورئان دەدات ، وە زانستی القراءات گرنگی بە جۆرەکانی خوێندنەوەی قورئان دەدات کە بە ١٠ جۆر دەخوێنرێتەوە و جیاوازیەکانیان دەردەخات ، وەزانستی التفسیر گرنگی بە شیکردنەوەی ووشە و ئایەتەکانی قورئان دەدات و مانا و مەبەستەکانی دەخاتە ڕوو ، وەزانستی علوم القرئن بەشێوەیەکی زۆر چڕوپڕ گرنگی بەهەموو لایەنەکانی قورئانی پیرۆز دەدات ، کەئەمەش خەمخۆری زانایان دەردەخات بەرامبەر بەو دیاریەی کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەر ﷺ ی ناردووە و کردوویەتی بە موعجیزە بۆی ، داوا لەخوای گەورە ئەکەم من و ئێوەی بەڕێزیش بکات بە ئەهلی قورئان و خزمەتکاری قورئان .ئامـیـن.

م .ئاکۆ جلیل کریم

# چاو داخستن لە حەرام دەبێتە هۆی بەختەوەری

بەڕاستی یەکێك لەو بەخشـشانەی کە خـوای پەروەردگار بەخشیویەتی بە مرۆڤ سەرەڕای هەموو ئەندامەکانی تر بریتییە لە چاو. بۆیە دەبێت سوپاسی زۆری خوای گەورە بکەین ، سوپاسکردنیش تەنها بەدەربڕینی زارەکی نابێت ،بەڵکو بەگوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی وخۆگرتنەوە لە قەدەغەکراوەکان دەبێت ،وەك بیلالی کوڕی سەعر ﷺ ئەفەرموویێت :زیکرکردن دوو جۆرە : زیکرێك بەزمان کە چاك وجوانە ،وە زیکری خوای گەورە لەو شتانەی حەلاڵی کردووە و ئەوانەش حەرامی کردووە خۆگرتنەوە لێیان چاکترە..

یەکێکیش لەو فەرمانانەی خوای گەورە بۆ مرۆڤ چاوگرتنە لەئاست حەرامکراوەکاندا.پەروەردگار

ئەفەرمووێت {إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً} الاسراء٣٦.واتە بەڕاستی بیستن و بینین و دڵ هەموویان کە سیٚ دروستکراوی خودان خاوەنەکانیان بەرپرسن لێیان.

هەروەك چۆن خوای گەورە فەرمانی بە پیاوان کردووە کە چاویان بپارێزن لە حەرام ، بەهەمان شێوەش فەرمانی بە ئافرەتان کردووە کە چاوی خۆیان لە ئاستی حەرام بپارێزن، خوای گەورە ئەفەرمووێت

{ قُلْ لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّواْ مِنْ أَبْصَارِهِمْ } ﴿النور:٣٠﴾ واتە ئەی پێغەمبەری خواﷺ بەپیاوانی ئیماندار بڵیٚ کەچاویان بپارێزن لەسەرنج دانی ئافرەتی نامەحرەم.وە ئەفەرمووێت {وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ } ﴿النور٣١﴾.واتە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەئافرەتانی ئیماندار بڵیٚ چاویان بپارێزن لە ئاستی نامەحرەم..

بۆیە خۆشکی بەڕێزم پێویستە جوانی و ڕازاوەیی خۆتان بەدەر نەخەن چونکە دەرخستنی جوانی ئافرەتان هۆکارێکی کاریگەرە بۆ داڕوخانی کۆمەڵگا و لەڕیٚ دەرچوونیان ، بەمەش ئافرەتان دووچار تاوانبار دەبن بەپێی یاساکانی ئاینی ئیسلام گەر خۆی دانەپۆشیٚ.یەکەم.فەرمانی خوای گەورەی شکاندووە.دووەم .بەو کارەی سەرنجی پیاوانی خراپ بەلای خۆیاندا ڕادەکێشیٚ و ئەوانیش زیاتر توشی تاوان و سەرگەردانی و لەڕیٚ دەرچوون دەکات.

ئیمامی حەسەنی بەصری رحمه الله ئەفەرمووێت : هەرکەسێك چاوەکانی بەرەڵا بکات و بەملاولادا بیگێڕێت ،ئەوا غەم و پەژارەی زۆردەبێت.

شاعیر ئەڵێت :

**كل الحوادث مبداها من النظر**
**ومعظم النار من مستصغر الشرر**
**كم نظرة بلغت من قلب صاحبها**
**كمب، لغ السهم بين القوس والوتر**

التفسير القيم لابن القيم – (ج ٢ / ص ٣٣٤)

لەکۆتاییدا ئەڵێم پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: ( هەرکەسێك لەبەر خوای گەورە واز لەکارێك بهێنیٚ ئەوا خودا کاروبارێکی چاکتری بەنسیب دەکات ).

دە خوشکی بەڕێز هەوڵبدە خۆت بالأپۆش وسەرپۆش بکەیت ،و هەرگیز مەڵیٚ زەحمەتە و گرانە وبیرێك لە قیامەتی خۆت بکەرەوە و ترسێکت لەخوای بەدەسەلأت هەبێت.

بەرهەم حسن .ك.زانستی کۆمپیوتەر

## زیکر و یادی خودای گەورە بکە لەکاتی خۆشی و ناخۆشیدا لە پەنهانی و ئاشکرایدا

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُوا لِي وَلَا تَكْفُرُونِ ۝١٥٢﴾ [البقرة] ، واتە: یادم بکەن تامنیش لەبیرتان نەکەم وە سوپاسم بکەن و پیٚ نەزان و ناسوپاسیم مەکەن.

وە لە شوێنێکی تری قورئاندا فرمانمان پیٚ دەکرێت زیکر و یادی خوای گەورە زۆر بکەین کە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا ۝٤١ وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ۝٤٢﴾ [الاحزاب]

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە زۆر یادی خوا بکەن، بەپاکی یادی خوا بکەن بەیانیان و ئێواران.

هەرکەسێك زۆر یادی پەروەردگار بکات ، ئەوا پەروەردگار لێی خۆش دەبێت و پاداشتی گەورەی

دەداتـــەوە ﴿وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغۡفِرَةً وَأَجۡرًا عَظِيمًا ﴿٣٥﴾﴾ [الاحزاب]

واتـه: پیـاوانیٚ کـه زۆر یـادی خـودای گـەورە دەکـەن ئافرەتانیٚ کە زۆر یادی خودا دەکەن خودا ئامادەی کردووە بۆ هەموویان لێخۆشبوون و پاداشتی گەورە.

پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بەوانەی یادی خودا دەکەن و ئەوانەی یادی خودا ناکەن دەفەرموێت: ((الذي يَذْكُرُ رَبَّهُ والّذي لا يَذْكُرُ رَبَّهُ مَثَلُ الحَيِّ والْمَيِّت)) [رواه البخاري]

واتە: نمونەی کەسێك یادی خودای گەورە دەکات و کەسێك کە یادی خودا ناکات وەکو نمونەی زیندوو و مردوو وایە.

یادی خودای گەورە دەبێتە هۆی لابردنی خەم و خەفەت خودا دەفەمویێت: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ﴿٢٨﴾﴾ [الرعد]

واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دڵ و دەرونیان ئارام دەبێت بە یادی خوا ئاگاداربن دڵەکان هەر بە یادی خوا ئارام دەبێت و دەحەوێتەوە.

وە گومانیشی تێدانییە کە نابێت دوعا و پاڕانەوە لە هیچ کەسێکی تر بکەین جگە لە خودای گەورە ﴿فَلَا تَدۡعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴿١٨﴾﴾ [الجن]

واتە: داوا لە هیچ کەس مەکە لەگەڵ خودا. بۆیە زۆر پێویستە لەسەر ئێمەی هەڵەکارو کەمتەرخەم کە زۆر یادی خودا بکەین بۆئەوەی خۆشەویستی خوای پەروەردگار بەدەست بهێنین و لێمان خۆشبیٚ وە دەبێت زۆر سوپاسی خودا بکەین لەسەر ئەو نیعمەتانەی پێی بەخشیوین خودا دەفەرموێت: ﴿وَءَاتَىٰكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلۡتُمُوهُۚ وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآ﴾ [إبراهيم:٣٤]

واتە: لە هەموو ئەو شتانەی کە داواتان کردووە پێی بەخشیون خۆ ئەگەر بتانەوێت بەهرە و نیعمەتەکانی خودا بژمێرن بۆتان ناژمێردرێت.

لە کۆتاییشدا دەڵێم: خودایە دڵێکی سوپاس گوزار و زمانێکی بە زیکر و جەستەیەکی ئارامگرمان پیٚ ببەخشی لەسەر بەڵاو ناڕەحەتیەکان.ئەمین.

فریاد عمر ك. زمان. ئینگلیزی

## چەند نیشانەیەکی کەسی دووڕوو

## لە قورئـــــان وسوننـــەتـدا

١-سوێند خواردن بە خوای گەورە بە درۆ لەکاتی ئاشکرا بوونی مەبەست و هەڵوێستیان لە لای خەڵکی: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَيَحْلِفُونَ عَلَى الْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾المجادلة ١٤ ***

٢-بە کەمی زیکری خوای گەورە دەکەن: پەروەردگار ئەفەرموویێت : {يُـرَاؤُونَ النَّـاسَ وَلا يَـذْكُرُونَ اللَّـهَ إِلَّا قَلِـيلاً} ﴿سورة النساء:١٤٢﴾. واتە موونافیقەکان ڕووپارمایی دەکەن ،و زیکر و یادی خوا ناکەن کەمێك نەبێت..

٣- بەڕاستی ئیمان ناهێنن ، چونکە ئەوان شوێنکەوتوانی ئەم دینە بە بیٚ عەقڵ و نەزان دەزانن. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا كَمَا آمَنَ النَّاسُ قَالُوا أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاءُ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ السُّفَهَاءُ وَلَكِنْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ البقرة ١٣ *** بە حسابی خۆیان ئیمانداران بە بێعەقڵ دەزانن, بەڵام بە بەڵگەی قورئان خۆیان بێعەقڵن, لەمەوە دەردەکەوێت هەرکەسێك مەنهەجی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)بە کەم بزانێت ئەوا یەکێك لە سیفەتەکانی دووڕویی تیایە.

٤، ٥، ٦-ئەمانەت ناپارێزن ، درۆ دەکەن ، پەیمان دەشکێنن : (اية المنافق ثلاث اذا حدث كذب واذا

وعد اخلف واذا أؤتمن خان ) متفق علية.اخرج البخاري ٣٣,٢٦٨٢.ومسلم ٥٩

٧-بەردەوامی لە دواخستنی نوێژەکان بەتایبەتی نوێژی عەسر: پێغەمبەرمان(ﷺ ) دەفەرموێت((الا اخبركم بصلاة المنافق؟ ان يؤخر العصر حتى اذا كان الشمس كثر بالبقرة)) صحيح.... الباني في السراج المنير ١٧٤٥

٨-زۆربلێیی و وتنی قسەی زۆر تاکو ناحەقییەکەی خۆی پێ بکات بە حەق لای خەڵکی: ئیمامی ئەوزاعی دەفەرموێت:(ان المؤمن يقول قليلا و يفعل كثيرا وان المنافق يقول كثيرا و يفعل قليلا)

وە سەرەڕای زۆربلێییەکەی قسەکانیشی بریقەدار دەکات و بەو زمان لوسیەی سیحر لە خەڵکی دەکات.

٩-ڕیابازی لە هەموو کردارەکانیدا دەردەکەوێ وەك لە هاتنیاندا بۆ نوێژی جەماعەت, یان لە خێرکردندا, پەروەردگار ئەفەرمووێت { يُرَاؤُونَ النَّاسَ وَلاَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلاً} ﴿سورة النساء:١٤٢﴾.

١٠-تێنەگەیشتن لە دین وبێ دەنگ نەبوون: پێغەمبەر(ﷺ )دەفەرموێت (خصلتان لا يجتمعان في المنافق حسن سمت و لا فيقه في الدين ) الالباني في سلسلة صحيحة برقم ٢٧٨.

لە کۆتاییدا ئەڵێین ڕەحمەت لە شاعیر کە دەڵێت :

**ولا خير في ود امرئ متلون**
**إذا الريح مالت،مال حيث تميل**
**وما أكثر الاخوان حين تعدهم**
**ولكنهم في النائبات قليل**

چاکە لە خۆشویستنی مرۆڤێکی هەمیشە گۆڕاودا نییە.کە با بە هەر لایەکدا لایدا ئەویش بەو لایەدا لابدات ( با لەهەر شوێنێکەوە هات ئەو شەنی خۆی بکات) .ئای کە هاوڕێ زۆرە کاتێك کە دەیان ژمێرین. بەڵام لەکاتی پێویستی دا کەمن.

میران علی .دواناوەندی پیرەمێردی کوڕان

## گوێ بەتانە و توانجی خەڵکی مەدە

موسڵمانی ڕاست لە خوانەبێت لەقسە و قسەلۆکی خەڵکی ناترسێت..ئەوەتا پەروەردگار وەصفیان دەکات و ئەفەرموێت { وَلاَ يَخَافُونَ لَوْمَةَ لائِمٍ } ﴿المائدة:٥٤﴾واتە ( وە لە لۆمەی لۆمە کاران ناترسن )..

ئیمامی شافعی رحمه الله ئەفەرموێت

( **أعْرِضْ عَنِ الجَاهِلِ السَّفِيهِ** ** **فكلُّ ما قالَ فهو فيهِ** )
(**ما ضرَّ بحرَ الفراتِ يوماً** ** **أن خاضَ بَعْضُ الكِلابِ فيه** )

ديوان الإمام الشافعي - (ج ١ / ص ١٢١)

لەکەسی نەزانی کەم عەقڵ گەڕێ......... ،
هەرچییەك ئەو ئەیڵێت لە خۆیدا هەیە...،
هەرگیز ڕووباری فورات پیس نابێت ......،
با هەندێك سەگیش خۆیانی تێ بهاون و تێ فڕێ بدەن..

هەڵمەت صلاح الدین . ك.پ.کەلار.بایۆلۆجی

## مەبەست لە بانگەوازمان

### بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە و میهرەبان ،پاشان هەوڵدان بۆ

١ـ شارەزاکردنی تاکەکانی ئەم میللەتە بە ڕۆشنبیری پاکی ئاینی ئیسلام ، ئیسلامێك دوور لە توند و تیژی ، دوور لە کەم و زیاد کردن ،وە هەوڵدان بۆ تێگەشتن و پەیڕوکردنی ئەو ئیسلامە پاك و بەرینە وەك پێشینانی چاکی ئەم ئومەتە لێی تێگەشتن و پەیڕویان کرد و لەسەری بوون ...

٢ـــ پاکردنـــەوەی بیروبـــاوەڕ و ڕەوشـــتی مرۆڤـــی موسڵمان , لەشیرك و کوفر و تاوان ، وەدوور کردنەوە و وەلانـانی ڕەوشتە نـەخوازراو و ناشـیرینەکان لـە کردار و گوفتاریاندا...

٣ـــ زیندوکردنەوە و پتەوکردنی هەستی برایەتی و یەکتر تەواوکردن و هاوکاری کردن لە سەر کاری چاکەو لەخوا ترسان و گرنگی دان بە یەکتری. خوای گەورە دەفەرموێت (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ) واتە ( ئیمانداران لە هەردوو ڕەگەزەکە ئەولیا و خۆشەویستی یەکترن و لە نێوان خۆیاندا فەرمان بەچاکە ئەکەن و نەهی و قەدەغە لەخراپە ئەکەن).

## بۆ ئەوانەی کە بابەت دەنوسن

بـۆ هـەر بـەڕێزێك کەدەیـەوێت بەشـدار بێـت لـە بڵاوکردنـەوە و نوسینی بابـەت لـە گۆڤاری ڕەوشـتدا ئـەوا ئـەم خاڵانـەی لای خـوارەوە جێگـای بایـەخ و گرنگی پێ دانن....

«١». بابەتـەکان هـەڵقوڵاوی ئایـەت ، و فـەرموودە صـەحیحەکانی پێغەمبـەرﷺ بـن ، بـەڵێك دانـەوە وتێگەشتنی پێشینانی چاکی ئەم ئوممەتە .

«٢». کـورتی وپـوختی بابەتـەکان. هەوڵبـدرێت بابەتەکە کورت و پوخت بێت وئەوپەڕی بگاتە یەك لاپەڕە و یەك ستون. ( ما قلّ ودل ).

«٣».هەوڵبدرێت بابەتەکان زیاتر ئاراستەکردن بێت بە بەکارهێنانی زمانێکی ئامۆژگاری کردن ...

«٤». هەوڵبدرێت بابەتەکان بەتایپکراوی بنوسرێت .

«٥». نوسینی سەرچاوەی ئەو فەرموودە وتانەی کەلـە بابەتەکـەدا بـاس دەکرێت. وە دیاری کردنـی ژمارەی ئایەت و سورەتەکان تیایدا.

«٦».دوای ڕەزامەنـدی نوسـەر ( ئامادەکـار) ، گۆڤـار بۆی هەیە دەست کاری بابەتەکە بکات ، بەپێی کەم و زۆری و هەق دان بە بابەتەکە..

بۆ دەست کەوتنی گۆڤاری ڕەوشت

سەردانی ئەم سایتانە بکە :

سایتی فیردەوس ........ www.firdews.com

سایتی ئیمان وەن ....... www.iman1.com

وە چەندین سایتی تریش .....

## بۆ پەیوەندی کردن

بـۆ هـەبوونی هـەر زانیـاریی یـەك دەربـارەی گۆڤاری ڕەوشت

* بۆ گەیاندنی پێشنیار وتێبینیەکانتان...
* بۆگەیاندنی بابەت ونوسراوەکانتان....
* بۆ گەیاندنی هاوکاری وبەشداری کردن

لەبڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارەدا ئەوا پەیوەندی بکە بە :-

Rewsht2010@gmail.com
Rewsht2010@yahoo.com

هەولێر ٠٧٧٠١٤٩٣٥٩١

سلێمانی ٠٧٧٠٢٤٧٠٥٥٧

کەلار ٠٧٧٠٢٤٥٧١٣٠